# له ئاوێنەی دووكانەوە . ڕووی گەوجی سەرانی كورد له شەرم شیخەوە دەبینم

## جەزا چنگیانی

ئاخر كه ئێوه مێشكتان سەقەته و تواناى بیركردنەوەتان كاڵبۆتەوه و ویژدانی مرۆیی وكورددایەتیتان جەمامبووه . بۆ ڕێگه نادەن كەسانێكی تر له جیاتی ئێوه بۆ نەگبەتی كورد بپەیڤی . هێنده خۆتان سوككرت . دوو سیاسی تازه هەڵتۆقیوی عەرەب( سەرۆك وسەرۆك وەزیرانی كاتی عیراق ) هیچ ڕێزیكیان بۆ داخوازییەكتان بۆ ئامادەبوونیان له ( كۆبوونەوه گەورەكەتان له شاری دووكان ) دانەنا و نەهاتن . ئەزانن بۆ؟؟ كاتێك یاوەر سوكایەتی به كوردكرد ئێوەی بێفزه . فزەتان لێوه نەهات . ئێوەی بێ تاقیكردنەوه نازانن ( **لەگەمەی سیاسیدا بازدان وگۆی خناندن له پچوكترین هەڵه و زەللەی سیاسی نەیار و بەرامبەر. دەبێته هوی سوكی ولاوازی هزری و مۆراڵی كەسایەتی سیاسی** ..؟؟؟.) كه ئەوان زانیان ئێوه ڕێزتان بۆ میللەتەكەی خۆتان و كارەساتی دڵگوشینی ئەنفال و هەڵبجه و ڕەوه نیه . ئیتر چۆن ڕێزتان دەگرن ؟ ئەو بێ ڕێزیەی به ئێوه وكورد وكێشەكەی كرا... مانیای ئێوه به خۆتان وكورد كردتان .

مێژووەكەمان پڕه له فرمێسكی شەرم له ساڵی 1961 ئێوه سەرانی كورد له بەر دەرگای ناسیونالیستی عەرەبدا كەوتوون و داوای شەفاعەتی برا گەورەی عەرەب دەكەن . لەو ساڵەوه تائیستا چەند جار له نێوانی ئێوەی بازرگانی خوێنی مرۆڤی نەگبەتی كورد وخۆینی دڵی خاكی كوردستان پترۆلەكەمان . له تەك ڕژیمەكانی بەغدادا دانیشتون و گفتوگۆتان كردوه ؟؟؟؟ تائیستا هیچ هەر هیچ دەستكەوت و ئەنجامیكتان نەبووه .!!! ئا گۆیگرن هەی مرۆڤه بێگۆیكان ( تاڵەبانی وبەرزانی ) هەر ئێمه داماو وقوربانی كۆمپانیه پترۆڵیەكانی جیهان نین . ڕەشه داماوەكانی خواروی سودان دوای چەند ساڵ خەبات ودوو ملوین قوربانی به برسیتی وبێ ئاوی . توانیان ویژدانی دنیا ڕابكیشن و لوتی بەرزی ناسونالیستی پریمتیفی عەرەبی سودانی نزم بكەنەوه تا ئاستی پێی ڕووتی برسیەكی ئەفەریقا . بڕوانن چ لەیەكچونیك له نێوان ئێمەی نەگبەتی كورد قوربانی گەوجی ئێوه ودڕندەی ناسیونالیستی عەرەب و ڕەشه داماوەكانی خواروی سوداندا چەند لەیەكەوه نزیكن . هەردوو گەل ( كورد و ڕەشەكانی خواروی سودان ) به پیی ویستی كومپانیه پترۆڵیەكان له عیراق و سودان ماره بڕان . هەردوو خاك دەوڵەمەندی پتڕۆڵه ... هەردوو لامان كوشتەی دەستی ئاوزانی پریمتیفی عەرەب و ئیسلامین . ئێمه ( ڕەو و هەڵەبجه ) مان ویژدانی مرۆڤایەتی جولاند و بووبه هەڕەشه له دەسەلاتی بەغداد . ئەوان دافور . ئێمەی گەوج و ئەوان هوشیار بۆ؟

ئێمه كاتێك ڕەومان كرد دەنگمان گەیشته یەكەم بڕیاریك له كۆمەڵی نەتەوەیەكگرتوەكان و دروست بوونی زۆنی 36 .... ئێمه دەمان توانی كیشەكه زیاتر گەشه پێبكەین به تایبەتی وولاتێكی وەكی فرنسا و كەساییەتیكی مەزنی وەك فرانسۆ میتران مان له پشت بوو ... نەمان كرد له جیاتی ئەوه ( سەقەت تاڵەبانی ) ماچه مێژووینەكەی صدامی بۆ شەرمەزاری كورد تۆماركرد . كێشەكەی له ویژدانی دنیاوه بردەوه بۆ لای دڕنده صدام ... ئێمه تا ئیستا له هیچ دانشتنیكدا سەرانی كورد باسی ڕێژەی پارەی

**پترۆلمان به ریژەی 50٪ له تەك ڕژیمەكانی بەغداد نەكردوه , ئەوان مەرجی سەرەكیان دابەشكردنی 50 به 50 ی پارەی پترۆڵەكەیان , ئێمە ساویلكه و بەبرایەتی كورد و عەرەب 4 ساڵ باویشكمان به دیار ئۆتۆنۆمیەكەوەدا دوایش ئاشبەتاڵ . ئەوان كێشەكەیان گەیاندە كۆمەڵەی نەتەوەیەكگرتوەكان و له ڕوژی 19/11/2004 له نیروبی  پەیمانی ئاشتی له نیواناندا مۆركرا . تائیستا كێشەكەی ئێمە له بەغداد نەترازاوە و به ئاستەم نەبیٚ بۆ قاهیره كه ئەوانیش سەرچاوەی تاعوونی بیری ڕاسستسی عەرەبین .... له ( شەرم شیخ ) چی دەكەن؟؟؟ چی دەبیژن ؟؟؟؟ كه تائیستا ناسیونالیستی عەرەبی عیراقی بیٚ سوپا و دەسەلاّت پچوكترین هەنگاوی بۆ جیبەجیكردنی یاسای ( 58) كه تایبەته به شاری كەركوك و خانەقین . نەناوە ؟؟؟....چ دیالۆكیكتان پیه ؟؟؟ كیٚ دەچیٚ ؟؟؟ بێگومان سەقەت تاڵەبانی .... چی دەبیژی له ڕسته سواوەكانی چەند ساڵەی زیاتر .... ئەگەر دەتانەوی كەمێك ویژدانی بیٚ ویژدانتان ئارام بیٚ تكایه له جیاتی ئێوه با چەند ئافرەتێكی داماوی فرۆشراوی گەرمیان كەئێستا له مەلهاكانی قاهیره شەوانه چەند جار گووڵی لەشی پیرۆزیان به تیغی شەهوەتی بۆگەنی عەرەبەكان له زووخاو هەڵدەكیشریٚ و با به ڕووی ویژدانی عەرەب و جیهاندا بقیژینن .... ئێمه قوربانی دەستی ئێوەین . تكایه ئێوه مەچن ئەوان له ئێوه مرۆڤتر و كوردترن .**

2004/11/22

**فرانكفۆرت**

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de